## بڕیاری لەسێدارەدانی ڕۆژنامەنووسان بڕیارێکی ملهوڕانەیە
## دەرهەق بەدەنگی ئازادی ڕۆژنامەگەری کوردی

بۆ ماوەیەك دەچێ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران هەوڵەکانی خستۆتە گەڕ بەتوند ترین شێواز لە هەڵواسین و دەستگیرکردن و داخستنی ڕۆژنامەکان بۆ سەرکووت کردنی ڕۆژنامەو ڕۆژنامە نووسان ئەمەش کارێکە دوور لەبنەما شارستانیەتەکانی دونیا و زیاتر دڕندەیی ڕژێمی ئێران دەردەخا لەپێشێل کردن وزەوت کردنی سادەترین مافی ئازادی ودەربرین بۆمرۆڤ ، لای هەموولایەك ئاشکرایە کەڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران دووچاری قەیرانێکی نێو دەوڵەتی بۆتەوە بەهۆی ملهوڕی سیاسەتی چەوت ودەست تێوەردان لەکاروباری وولاٌتان وقەیرانە ئەتۆمیەکەی کە هۆکاری سەرەکی دابڕانی لە کۆمەڵگای نێودەولەتی دەخاتە بەرچاو و ئەمەش کاردانەوەی خراپی بۆ باری ناوەخۆی ئێرانیش دەبێ .

دیارە سەرکووت کردنی ئازادی دەربرینیش پێشێل کردنێکە دەرهەق بە مافەکانی مرۆڤایەتی ، لەمەش زیاتر ئەوەیە کە بڕیاری لەسیدارەدانی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی ئێران بەسەر عەدنانی حەسەن پوور و عەبدولواحد بووتیمار (هیوا) دڕندەیی و گوێ پێنەدانی ئەو ڕژێمە دەردەخا بەو یاسا نێودەوڵەتییانەی پەیوەستن بە پیشەی ڕۆژنامەگەری .

ئێمە وەك کۆمیتەی هاوکاری حزبە کوردستانیەکان لە ئوستراليا ، بەتوندی ئەم بڕیارە سەرکۆنە دەکەین و داواکارین لەهەموو ئازادیخوازانی جیهان هەوڵ کۆشش بخەنەکار بۆ ئازاد کردنی ئەو بەڕێزانە کە لەمەترسی نەماندان .

**کۆمیتەی هاوکاری حزبە کوردستانیەکان لە ئوستراليا**

**یەکێتی نیشتمانی کوردستان**

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**حزبی شیوعی کوردستان – عێراق**

**حزبی دیموکراتی کوردستان**

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان - ئێران**